
# وێنەکان روناکیان دیتەوە

## کارێکی گرنگ و دۆکۆمێنتێکی بایەخدار



ئەنفالســـتان – گۆپتەپە : ئەم وینانەی لێرەدا نمایش دەکرێن هەنـدێکیـان بۆیەکەمجـار بەهەوڵی بەردەوام وشەونخونی مامۆستا هێمن عەبدولا بەدیداری ئازیزانیان شاد بوون. مێژووی ئەم وێنانە دەگەریتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر پێش پەلامارە دڕندانەکەی ئەنفالی قۆناغی چوارەم کە ناوچەی قەڵاسێوکەو بناری خاڵخاڵانیشی گرتەوە.

زۆربەی وێنەکان لە سەرەتای وهەندێکیان لە ناوەراستی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لایەن حاجی کاکەوڵا ئاغجەلەری گیراون و باشـان لەلایەن وێنەگریکی هاورێی بە ناوی عبدالله بازیانی فیلمە کانی بە پۆلێنکراوی هەلگیراون و دواتریش گەیشتونەتە دەستی مامۆستا.عیماد خالید لە ناحیەی (تەکیە) کە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ دە ســـال لای خۆی پاراســـتونی، دواتریش لەلایەن جەوهەر محمد کانی هەنجیری یەوە هەواڵی دۆزینەوەی ئەم وێنانە گەیشـــتە یاریدە دەری ســـەرنوســـەری گۆڤاری ئەنفالستان مامۆستا هێمن عبدالله گۆپتەپەیی.

جێگەی دەستخۆشیە کە مامۆستا هێمن دەست وبردی کرد لە وەرگرتن و پەرەپێدانیان، هەموویانی لە فیلمەوە کردووەتەوە بە وێنەو کاری سـکان کردنی گرتووتە ئەسـتۆ، بەهاوکاری گۆڤاری ئەنفالستان و رێکخراوی وادی ئەلمانی و ریکخراوی سپی بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان. بە هاوبەشی.

گرنگی ئەم کارە ئەوەیە وێنەی هەموو خەڵکی ناوچەکەی تێدایە کە روی کردبێتە لای کـاکەوڵای وێنەگر ئەویش بۆ فیلمی هەرگونـدێکی کردبوویە کیســـێکەوەو بۆ هەرخانەوادەیەکیش کیسێکی تایبەتی داناوەو ناوی سەرۆکی خانەوادەکەو گوندەکەی لەسەر نوسراوە، هەتا ئێرە کارێکی لەرادەبەدەر گرنگ و جێگەی دەستخۆشییە بەڵام بێگومان بە ماندوبوون وســەلیقەیەکی زۆرەوە گەیشـتوونەتە قۆناغی ئێستا ئەویش تەنها بە هەوڵی تاکەکەسی مامۆستا هێمن بووە،


رۆژی ٢٠١٥/٥/٣ لە یادی کیمیاباران و ئەنفالی گوندی گۆپتەبەدا مامۆســـتا هێمن ئەنجامی کارە پربایەخەکەی تەنها بۆ ئەنفالکراوەکانی گۆپتەپە خستە روو لە میانەی

**پێشـــانگایەکی تایبەتیدا ئەم فیلمە تۆزلێنیشـــتوانە، کرانەوە بەوێنە ولە میانەی پێشانگایەکدا روناکیان بینی و کەسوکاریشیان بە روخساری ئازیزانیان شادبوونەوە. جێگەی ئاماژەیە ئەمڕۆش ٨ی ئایار (٢٧) وێنەی ئەنفالکراوەکانی گوندی جەلەمۆرد بەهەمان شـــێوە لە یادی ئەنفالی جەلەمۆردو گوندەکانی دەوروبەری نمایش کران و پێشوازییەکی گەرم لە کارە پربایەخەکەی مامۆستا هێمن کرا .**

**ئێمەش وەک ستافی ئەنفالستان دەڵێین شانازیت پێوە دەکەین مامۆستا هێمن**


**تکـایە رێز لەکـارەکەی ئەم مـانـدونەنـاســـە بگرن و وێنەکـانی بەبێ ئیزنی خۆی بەکارمەهێنن !**







www.Anfalistan.com



www.Anfalistan.com




٧. سەباح ڕەشید سلێمان


٦. خالد عبدالحمید عبدالله


www.Anfalistan.com



www.Anfalistan.com
٥. خەلیل رەشید سلیمان


Fly
Emirates


www.Anfalistan.com




*www.Anfalistan.com*



www.Anfalistan.com



www.Anfalistan.com



www.Anfalistan.com






www.Anfalistan.com




www.Anfalistan.com
خەلیل ڕەشید سلیمان